


# چیرۆکی ڕێگەیەک لە تۆفان

**ستار قادر**
**(سلێمانی)**

من قەیرێکی زۆر بێدەنگی بەچاوەڕوانی بووم بەدیار دەستپێکردنی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە درێژەی کە کارای ناشادی وێنەکێش دەیویست پێم بڵێ، بۆیە هەتا سەیرێکم نەکرد، نەکەوتە قسە، ئەو ساتەی نیگاکانمان چووە سەر چاوی یەکتر، پێی وتم: سەرمەندی برام من هەر لە منداڵییەوە تاکە خەونم ئەوە بووە ببمە وێنەکێشێکی باش، بۆیە چەندان شەو کەوتوومەتە گفتوگۆ لەگەڵ خودا تاقانەکەمدا، تاکە داواکاریم لە ئەو تەنیا یەک داواکاری بووە کە لەدوارۆژدا ببمە وێنەکێش، تا چەند تابلۆیەکی بکێشم کە تایبەت بە خۆم بێ، تا ئەو هێزەم پێ ببەخشێت شتە مەعنەوی و ڕۆحییەکانم وێنەبکێشم، بۆیە ئەو دەمانەی پەیمانگە، لە هەر شوێنێک ناوی وێنەکێشێکی باشم ببیستایە، یان لە شوێنێک تابلۆیەکی جوانم بدیبا بە تاسەوە سەرنجم دەدا، جار هەبووە لە هەر دووکانێکدا هەر تابلۆیەکم ببینیایە، لەبەردەم جامخانەکەیدا دەوەستام تا ئەو کاتەی دڵم دەیخواست سەیریم دەکرد، ئیتر، یان ئەوە بوو خاوەن دووکانەکە لێم تووڕە دەبوو، ئەوجا دەڕۆیشتم، یان بانگی دەکردمە ناو دووکانەکە، دوای ئەوە بە قووڵی لە تابلۆکەم دەڕوانی، ئەگەر تابلۆکەم بەدڵ بوایە، پرسیارگەلێکم لەسەر وێنەکێشەکەی دەکرد.

جارێکیان لە دووکانی بەرگدروویەکی عەبووسدا تابلۆیەکم بەرچاو کەوت، بە ڕەنگی ئاوی کێشرابوو، هێندە سەرنجی ڕاکێشام بە پەلە خۆم کێشا بە جامخانەی دووکانەکەدا، خاوەن دووکانەکە ئەوەندە قسەی ناشیرینی پێ وتم نەیهێشت سەیری تابلۆکە بکەم، ئەو ڕۆژە تا بانگی نیوەڕۆ

هەر لە دەوروبەری ئەو دووکانە دەخولامەوە، چاوەڕێم دەکرد تا خاوەن دووکانەکە بچێت بۆ نوێژ، یان نانخواردن، ئەوجا بە ترس و لەرزەوە لەم دیو جامخانەکەوە لە تابلۆکەم دەڕوانی. ئەو تابلۆیە یەکێک بوو لەو تابلۆیانەی کە بە هەمان ستایلی ئەم تابلۆیە دروست کرابوو. ئەوە یەکەم جار بوو تابلۆیەکی نوێی وەها ببینم کە بەو شێوەیە جێی سەرنجم بێت، لەو کاتەدا نەدەکرا لەوە زیاتر بمێنمەوە، نەوەک دووکاندارەکە بێتەوە و بکەوێتە جوێن پێ دانم، هەر ئەوەندەم بە باش زانی ئەو شوێنە بەجێ بهێڵم.

بۆ شەوەکەی هەر لە بیرکردنەوەدا بووم، کە بە چ شێوەیەک بچمەوە ئەو دووکانە، زۆر بە وردی سەیرێکی تابلۆکە بکەم و ناو و ناوونیشانی وێنەکێشەکە بزانم.

دوا ڕێگەچارەیەک کە بە باشم زانی جارێکی تر ئەو تابلۆیە ببینمەوە، ئەوە بوو بۆ بەیانی دوو مەتر و چارەکێک قوماشی پانتۆڵم کڕی، جارێکی تر چوومەوە بۆ دووکانی بەرگدرووەکە. ئەو ساتەی نزیک بوومەوە لە دووکانەکەی، زۆر لەوە دەترسام کە وەستای عەبووس بمناسێتەوە، لە دووکانەکەی دەرم بکاتە دەرەوە، بەڵام خوای من و تۆ کردی کە چوومە بەردەمی جامخانەی دووکانی بەرگدرووەکە بینیم کوڕێکی گەنج لەسەر مەکینەی خەیاتییەکە خەریکی دروومان بوو، تابلۆکەش لە پشت سەریەوە و لەشوێنی خۆیدا هەڵواسرابوو.

کە گەیشتمە بەردەم تابلۆکە و لە نزیکەوە بینیم، من لەو ساتانەدا هیچم بیر نییە کە چیم وتووە و چۆن پێواومی، بەردەوام چاوم لەسەر تابلۆکە بوو، لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ تابلۆیەکی تر بەو چەشنە پەلکێشی نەکردوومەتە ناو خۆیەوە، هەر ئەوەندەم لەیادە دیمەنێکی سروشتی بوو کە بەڕەنگە هارمۆنییەکانی شین دروست کرابوو، ئەوەندەی ئێستا لەسەر خەیاڵم ڕێگەیەکی تێدا دەبینرا، ڕێگەیەک دەچووە ناو قووڵایی تابلۆکەوە، ڕێگەیەک هێندە بزاوتن و جووڵەیەکی وەهای تێدا خوڵقابوو، لە فەزایەکی ئەرخەوانی مەیلەو شیندا فەنا دەبوو، کە بەشێوەیەکی ئەبستراک و نا ڕوون لە پەڵە دار ئەرخەوانی دەکرد.

پێ دەچێت هەر لەو ڕۆژەدا بوو ناوی یادگاری خەیاڵم بەرگوێ کەوتبێت، چونکە جوان وەک ئێستا لە سەر خەیاڵم زۆر گەڕام بۆ ناوی وێنەکێشەکە و بەرچاوم نەکەوت، بۆیە دوای ئەوەی وادەی وەرگرتنەوەی پانتۆڵەکەی پێ وتم، پرسیاری وێنەکێشی تابلۆکەم لە کوڕە گەنجەکەم کرد. هەتا بیرمە پرسیاری ناو و ناوونیشانەکەشیم لێ کرد، ئەوەی لە بیرم بێت وتی کە ئەو تابلۆیە برا گەورەکەم پێش چەند ساڵێک هاوڕێیەکی وێنەکەی پێشکەشی کردووە. براکەشم پێش سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆژێک هێنای بۆ دووکان و لەم شوێنەدا هەڵیواسی، لەو کاتەوە لێرە هەڵواسراوە، تۆ یەکەم کەسیت هێندە پرسیاری لەبارەوە بکەیت.

بۆ چەند ساڵێکیش دواتر لە زۆر لە هونەرمەندانی وێنەکێشی ئەم شارە، پرسیاری ئەو وێنەکێشەم کردووە، بەڵام کەسێکیان ناویان نەبیستبوو، هەر لە مامۆستایانی پەیمانگەوە تا ئەو هونەرمەندانەی دەچوومە پێشنگەکەیان، هیچ کەسێک لەو وێنەکێشانە نەیاندەناسی. ماوەیەکی زۆر سەرسامی ئەو دیاردەیە بووم کە خاوەنی تابلۆیەکی وەها داهێنەرانە لەم شارەدا گوم ناوە، کەچی چەندان وێنەکێشی بێتوانستی وەهامان هەن نەک هەر لەم شارەدا، بەڵکوو لە سەرانسەری وڵاتدا ناویان هەیە. ون بوون و بێناوبانگی خاوەنی ئەو تابلۆ

داهێنەرانەیەی کە لە دووکانی بەرگدرووەکە بینیم، لەلایەک دڵخۆشی کردم بەوەی کە لە بواری وێنەکێشانی خۆماندا تابلۆی وەها بەرهەم هاتووە، بەڵام لەلایەکی ترەوە لە قووڵاییەکانی ناخمدا تووشی نائومێدییەکی کوشندە و بنبەستێکی لەڕادە بەدەری کردم هەتا ئاستێکی ئەوتۆ هەموو ئەو عەشقەی لێ سەندمەوە، کە چەند ساڵ بوو بۆ وێنە کێشان هەمبوو. لەوەتای پەیمانگەشم تەواو کردووە، بەدەر لەم ئیشەی کە ئێستا بۆ بژێوی دەیکەم، هیچ تابلۆیەکم نەکێشاوە، زۆر جار دڵم دەخوازێت بچمەوە بۆ ئەو کاتانەی بەدیار هێڵکارییەکەوە شەوم ڕۆژ دەکردەوە، بەڵام ئەوەی پێی بڵێن پاڵنەری ناوەوە نەمماوە.

بەڕاستی تەنیا بەدەست و مەچەک وێنەی جوان ناکێشرێت، دەبێت عەشقێکی جاویدانی وەهات هەبێت بۆ بینینی ئەو وێنانەی کە وا لە قووڵاییەکانی دەروونتدا هەن، بۆ ئەوەی ئەو وێنایە بە چاوی خۆت ببینیت، پێش هەر شتێک دەبێت پاڵنەرێکی ناوەکی وەهات هەبێت کە هەموو شتێکی ژیانتی بە قوربان بکەیت، ئەوجا هونەر شتێکی کەمت لەداهێنان دەداتێ، ناشادی وێنەکێش جارجارێ بەدەم ئیشکردنەوە، ڕووی تێ دەکردم و دەیگوت گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە باوەڕ ناکەم لەم شارەدا وێنەکێشێکی وەها هەبێت هەموو ژیانی بکاتە قوربانی لەپێناو بەرجەستەکردنی وێنایەک لەوێنا نادیارەکانی ڕۆحی.

لەو ساتانەی سەیری دەکردم و باسی ئەو نائومێدییە کوشندەیەی بۆ دەکردم کە پێوەی دەتلایەوە زۆر لە پەردەی ناسکی قووڵاییەکانی ناخمی دەڕووشاند. ئاخر هیچ شتێک هێندەی بەرکەوتن بە نائومێدی کاریگەرتر نییە، لەو کاتانەدا من لە قووڵایی نیگاکانیدا غەمگینییەکی سەرسامکەرم دەبینی. سەدان تابلۆی کوژراوم لەچاوەکانیدا دەبینی. تۆنی ڕەنگەکانم دەبینی پێش ئەوەی بخرێنە سەر کانڤاس دەمردن. هاواری سەدان هێڵی تووڕەم دەبیست کە نەکێشرابوون. لەگەڵ هەر ئاخ هەڵکێشانێکیدا من بۆکرووزی سووتانی چەندان سکێچی سووتام دەکرد. هەرجارێکیش ناو بەناو کە بێدەنگییەکی قووڵ دایدەگرت من گوێم لە تووڕەیی ئاوازێکی هەڵچوو و خرۆشێنەری خشەخشی ئەو سەرە فڵچانە دەبوو کە تابلۆکانی قووڵاییەکانی ناخیان سپی دەکردەوە.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا، هەرکاتێک لەگەڵ تەنیایی داگیرم دەکات، ئەو دەنگە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، ئاخر هەتا ئەو کارای ناشادی وێنەکێش دەرکی بە حەقیقەتی خەیاڵ نەدەکرد کە تا چەندە کاریگەری لەسەر بەرهەمی داهێنەرانە هەیە، هەروەها لەسەر بەردەوام بوونیان لە ژیان و بەرهەمەکانیان. خەیاڵێک هێندە داگیرت دەکات کە بەبێ ئەوە ناتوانرێت لەژیاندا هەڵبکەیت. خەیاڵێک هەرچی پارسەنگ هەیە لە ژیاندا هاوسەنگی دەکاتەوە.

ناشاد نەیدەزانی کە لە ناخی هەر داهێنەرێکدا مۆرانەیەک هەیە، هەموو ئەو داهێنانەش دەبێتە خۆراکی ئەو مۆرانە ناوەکییە تا بەردەوام بێت لەکاری داهێنەرانە و بتوانێت، ژیان بگوزەرێنێت. لێرە بە وشەکانیدا بۆم دەرکەوت هیچ شتێکی ئەوتۆی سەبارەت بەژیان لەم دەڤەرەدا نەدەزانی، ئەوی لە خەیاڵدا نەژیابا، یان دەبووە جانەوەرێکی بێ وێنە، یان دێوانەی دەکرد، دێوانەیەکی وەها کە جارێکی دی نەدەچووەوە سەر ڕێگەی ماڵی ئەبەدیەتی خودی خۆی. خۆشبەختانە من هەر خۆرسکانە لەوەتای خۆم ناسیوە، ئەو هێزی

مانەوەیـەم تێـدا خولْقـاوە کـە لـە بـەردەم هــەر ئەسـتەمێکدا دەهاتــە بەردەمــم و دەبــووە ڕێگــر، لــەو نێوەنــدەدا خەیــاڵ خــۆی ناوکێــش دەکــرد و هەچــی پارســەنگی و نادروســتیی ئــەم دنیایــە بــوو بــۆی دەگەڕاندمــەوە... هــەر بــەو حیکمەتــەی خەیــاڵ تــا ئێسـتا لەنێـو جەنگـی ژیانـدا مـاوم و تێـک نەشـکاوم.

ئەمەکـی خەیاڵــە مــن لــە بــەردەم مردنــی هــەر دۆسـتێک و هــەر کەسـێکی نزیکمـدا دەیهێشـتمەوە، خـۆم بـە پێـوە دەگـرت و بـە زیندوێتـی لـە ناوەوەمـدا هێشـتوومیەتەوە. خەیـاڵ وەهـای لـێ کـردووم هێنـدە بەتەنــگ ئــەم چیرۆکــەوە بــم و بەدوویــدا بچــم، تــا ئێســتا جوانتریــن وەهمێکــە کــە بــۆی دەژیــن، ئەگەرچـی ئـەوە دەزانـم هەموو ئەو خەیاڵ دۆستییەم کە لەوپـەڕی لاوازیدایـە و پەنـا دەبەمـە بـەری، بـەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا مــن لــەوە ئــاگادارم کــە هــەر لــە منداڵیمـەوە گێڕانـەوەی حیکاتەکانـم بـۆ خـودی خـۆم بـەردەوام بوونمـی لەسـەر دنیا خولْقاندنـی تایبەتیم، لاوازییەکــی بێدەرەتانــە و لــە ژیانــدا هیــچ شــتێکی تــر نییــە لــەم دەڤــەرەدا جێگــەی بگرێتــەوە، ئــەوەش دەزانـم کـە هەرچـی نووسـەری سـەر ئـەم هەسـارەیە هەیــە، بــە نووســەری کتێبــە ئاســمانییەکانیانەوە بەرهـــەم هاتـــوون، ئـــەو لاوازییـــەی کـــە نەیتوانیـــوە بەبــێ نووســین لەژیانــدا هەڵبــکات. هەرچــی کاری هونــەری هەیــە هەمــووی بــۆ ئــەو پارســەنگییەی لــە جەوهــەری ژیانــدا هەیــە، دەبێتــە پاڵنەرێــک کــە هێــزی مانــەوە دەبەخشــێتە خاوەنەکــەی.

ئیتــر لــە نووســەرێکەوە بــۆ نووســەرێکی دی، لــە هونەرمەندێکــی تــرەوە بــۆ یەکێکــی دی، ئــەم هاوکێشــەیە دەگێڕێــت، نووســەری وەهــا هەیــە لاوازییەکــەی تــاڕادەی ئەوەیــە کــە دەبێــت ڕۆژانــە بــە قــەدەر هەناســەدانەکانی وشــە ڕیــز بــکات، تــا بتوانێـت هێـزی ژیانی هەبێت، لاوازترینیـان ئەوانەن کـە بەبـێ نووسـین هەڵناکـەن و تووشـی نەزیفێکـی بێدەرەتانــی نووســین دەبــن، ئیتــر هەندێــک لــەو نووسـەرانە دڵـی خۆیـان بـەوە خـۆش دەکـەن کـە دەڵێـن ئێمـە هیچمـان نەکردبێـت لەژیانـدا خەیـاڵ دەبەینــەوە، ئەگەرچــی برێکــی زۆر ڕاســتی لــە بیانــووی قســەکانیدا هەبــوو، بــەڵام لەبــەر خاتــری زیندووکردنــەوەی ئــەو ڕۆحــە هونەرییەیــدا، مــن لــە وەڵامـدا پێـم گـوت نـا، دەشـێت ئێسـتا لـەم ساتەدا وێنەکێشـێکی نەناسـراو لـەم شـارەدا هەبێـت، نە من و نــە تــۆش هیچمــان نایناســین، ســەرقاڵی دوایــن لێدانــی ســەرەفڵچەی وێنەکێشــانی تابلۆیــەک بێــت، ئەگــەر ببینیــت کاریگەرییەکــەی هیچــی کەمتــر نەبێــت لــەو تابلۆیــەی لــە دووکانــی بەرگدرووەکــە بینیوتــە.

پێــم دەگــوت ناشــاد گیــان نابێــت تــۆ لــە وێنەکێشــاندا چاوەڕێــی هیــچ شــتێک لــە دەرەوەی خــۆت بکەیــت، هیــچ ئازیــزم. تــۆ کاتێــک وێنــە دەکێشــیت تەنیــا بــۆ خۆتــە، ئــا لێرەدایــە ئــەو جیاوازییــەی لەنێــوان وێنەکێشــیی وەک پیشــە و هونەرمەندێکــی وێنەکێشــدایە. هونەرمەندانــی داهێنــەر هەرگیــز چاوەڕوانــی شــتێکیان نەکــردووە لــە دەرەوەی دنیـا تایبەتییەکـەی خۆیـان، چونکە تاقانەتریــن پاڵنــەری بــەردەوام بنیــاد ئــەوە بــووە کــە بەبــێ وێنەکێشــان نەیانتوانیــوە ژیانیــان بەســەربەرن، ئیتــر بەرهەمەکانیــان چــۆن لــە لای بینــەران کەوتووەتــەوە، هەرگیــز گرنگییەکــی ئەوتۆیــان پــێ نــەداوە، بۆیــە دەبینیــن لــە مێــژووی ئــەم هونــەرەدا، چەنــدان هونەرمەنــدی وەک ڤــان کـوخ و سـیزان و.. چەندانـی دیکـە لـە ڕۆژگاری خۆیانــدا کەســێکی ئەوتــۆ نەبــووە دەرک بــە داهێنانەکانیــان بــکات کــە بەرهەمیــان دەهێنــا، کەچـی هـەر پـاش چەنـد ساڵێک لـەدوای نەمانـی خۆیــان هــەر یەکێــک لــە ئــەوان بوونــە پێشــەوای

ستایلێکی نوێی سەربەخۆ. ئەو (ڤان کوخ) ـەی ئەمڕۆ زۆرترین دانیشتوانی دنیا، بەیەکێک لە وێنەکێشە ناودارەکانی هونەری وێنەکێشانی دەزانن، لە ڕۆژگارکێدا کە لە ژیاندا بووە منداڵانی ئەو گەڕەکەی تێیدا دەژیا تابلۆکانیان دەکردە نیشانەی بەردە فڕکەی خۆیان. ئەوەتا ئەمڕۆ نەوە دوای نەوەی ئەو منداڵانە شانازی بەناوەکەیەوە دەکەن. ئازیزم ئەم دیاردەیە وەک کولتوورێک بووەتە قەدەری زۆر لە هونەرمەندی داهێنەر، ئیتر لەناو هەر نەتەوە و وڵاتێکدا بێت.

بە هەمان شێوە لە لای خۆشمان و لە ڕابوردوویەکی نزیکدا وێنەکێشێک و تابلۆکانیان بەردەباران کردووە. ڕۆحی ئەو هونەرمەندەی ئێستا من و تۆی کۆکردووەتەوە ڕۆژگارێک بووە لەم شارەدا و بۆ یەکەم جار کە ویستوویەتی تابلۆکانی لە شوێنێکدا نمایش بکات، دوای ئەوەی کە هیچ شوێنێکی چنگ ناکەوێت، نە هۆڵ نە گەلەری، ناچار پەنا دەباتە بەر گۆڕستانێکی ناو جەرگەی ئەم شارە هەر تابلۆیە و بە کێلێکەوە هەڵدەواسێت و بانگهێشتی خەڵک دەکات تا سەیری تابلۆکانی بکەن. دەزانی خەڵکی ئەم شارەمان لەبری ئەوەی بچن چێژ لە بینینی تابلۆکانی وەربگرن و دەستخۆشی لێ بکەن و تابلۆکانی لێ بکڕن و لە ناو ماڵ و لە موزەیەکدا بیپارێزن، چ شتێکیان بەرانبەری کرد، لە یەکەم ساتی کۆبوونەوەی خەڵکدا خۆی و تابلۆکانیشی کەوتنە بەر ڕێژنەی بەردەفڕکێی خەڵکی ئەو گەڕەکە، ڕەجمیان کرد، ڕەجم، کەچی ئەوەتا ئێمەین نەوەی ئەو خەڵکەی دوێنێ وا ئەمڕۆ کون بە کونی دووکان و ماڵەکان دەگەڕێین هەتا تابلۆکانی ئەو داهێنەرەی خۆمان ببینین.

کارای ناشاد بە دوو چاوە پڕ غەمەکەیەوە هەر سەیری دەکردم و هیچی نەدەگوت! چاوەڕێی قسەی تر بوو لێم، منیش کە دەمزانی بە عەشقەوە گوێم لێ دەگرێت، زیاتر لەسەر قسەکانم دەڕۆیشتم و دەمگوت کارا گیان ئەو سیزانەی کە تۆ و هاوپۆلەکانت لە مێژووی هونەردا خوێندووتانە و بە یەکەم پێشەوای هونەری نوێی وێنەکێشانی دەزانن، لە ڕۆژگاری خۆیدا تاقە خوێندکارێکی نەبووە، مامۆستایەکی دیاریکراوی نەبووە، بەتەنیا خۆی بووە و بەس، نە کەسێکی خێزانەکەی تابلۆکانی بەدڵ بووە، نە هیچ داو و دەزگا و ڕەخنەگرێکیش درکیان بە داهێنانی ئەو پیاوە کردووە. دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کە سەرجەم داهێنەرەکانی ئەم دنیایە، پێش هەر شتێکی تر لەبەر خاتری خودی خۆی وێنەی کێشاوە، نەک بۆ دەستکەوتی ماددی و ناوبانگ. هەموو وێنەکێشە داهێنەرەکان تینوێتییەک لە ناویاندا هەبووە کە بە تابلۆ داهێنەرەکانی هونەرمەندانی پێش خۆیان ئەو تینوویەتییەیان نەشکاوە، بۆیە بۆ چەند ساتێک ئاسوودەیی کەم خایەنی ڕۆحیان، قوربانییان بە شتەکانی دیکەی ژیانیان داوە و تا لە ژیاندا بوون، بە بەردەوامی دوای هەر داهێنانێک بۆ بەدەستهێنانی دووبارە بەختەوەری و ئاسوودەیی تێهەڵچوونەتەوە، ئەمەیە نهێنی ئەو قوربانییەی کە هونەرمەندان داهێنەرانە لە ژیانیاندا داویانە.

بۆ دوایەمین جار و پاش چاککردنی سەرجەم ئەو تابلۆیانەی یادگاری خەیاڵ، کە لە لام بوون، پاش ئەوەی ئەدرەسی دووکانی بەرگدرووەکەم لە ناشادی وێنەکێش وەرگرت، ڕاستەوڕاست بەرەو ئەو شەقامە ملم نا کە دووکانەکەی لێیە. ئەو کاتەی گەیشتمە بەردەم جامخانە شووشەییەکە و تابلۆکەم ڕووبەڕووی تەماشام بینی، بە شووشەی جامخانەکەدا تەیم

کرد بەبێ ئەوەی گوێم لە هاڕەی شووشە بێت، من هەر بەرەورووی تابلۆکە دەڕۆیشتمە پێش، تا خۆم لە ناو چەقی ڕێگەیەکی تۆفاناوی ناو تابلۆکەدا بینییەوە، لە ناو تۆفانێکدا وەستابووم، تۆفانێک لە ڕەنگی تۆز و با، بە نێو لێدانە فڵچەییە تووڕەکاندا منی لەگەڵ خۆی دەبرد، بە نێو ڕەنگی شیندا، دەیبردمە بەردەم پەرژینێکی دی لە تۆفان و دەیگێڕامەوە. بە سەر هەموو ئەو تەپۆسک، گردانەدا دەیفڕانم و دەینیشاندمەوە، دەیبردمە نزیک ڕووبەرێکی ئەرخەوانی و دەیوەستاندم. دەیدام بە هەموو ئەو کەڵێژ و داروپەردووەی بەردەم پەرژینە تۆفانییەکە. جار جارێک تۆفانەکە دەیبردمەوە سەر ئەو توولەڕێیانەی کە دەچوونە نێو ئەو تەلانە نەهی لێکراوانەی بۆنی پێگە و ئەرخەوان، بۆنی بەختەوەرییان لێ دەهات، من لەو ساتانەی تۆفان دەیبردمە نێو هەر ڕووبەرێک لە ڕەنگ دەبوومە تۆنی ئەو ڕووبەرە ڕەنگە، دەبوومە شین، ئەرخەوانی، سەوز، دەبوومە سپی، لەو ساتانەشدا تۆفانەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرتم، بەرەو جێگایەکی دیکەی نادیار دەیبردم، لەدوای خۆمەوە ڕەنگی شینی ئاسمانیم لێ دەچۆڕا و لە نێو فریندا دەنیشتمەوە، لەنێو فڕینی شینێتی پەتی و بێدەنگیدا دەنیشتمەوە.

ئەو کاتەی لە ناو یەکێک لەو فڕینانەدا بووم، لە پڕ زڕەی کۆمەڵێک کلیل لە دەستی تۆفانی نێو تابلۆکەوە هێنامیەدەر، گەڕاندمیەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی کە یەکەم جار تەماشام بەر تابلۆکە کەوت. هێنامیەوە بەردەم جامخانەی دووکانی بەرگدرووەکە کە لام بەلای دەنگەکەدا کردەوە، دەمبینی پیاوێک بە خێسەیەکەوە سەیرم دەکات و بە دەم و سەر بادانەوە لەبەر خۆیەوە هەتا دەرگەکەشی کردەوە و چووە ناو دووکانەکە هەر بۆڵەبۆڵی دەهات. بە شێوە و ئەتواریدا یەکسەر ناسیمەوە کە کابرای عەبووسە، کە کارای ناشادی وێنەکێش بۆی گێڕامەوە. هەتا چەند ساڵ دواتریش هەرکە بە بەردەم ئەو دووکانەدا دەڕۆیشتم، ئەگەر کابرای عەبووسی لێ نەبوایە لەم دیو جامخانەکەوە دەمڕوانییە تابلۆکە، بەڵام ئەوەی لەلام نهێنی بوو ئەوە بوو کە ئەم کابرایە ئەو هەموو ساڵە ئەو تابلۆیەی لە هەمان شوێن دەپاراست و بە هەر کەسێکیش قەڵس دەبوو کە لە تابلۆکەی بڕوانیبا و گرنگییەکی ئەوتۆی پێ بدابا، یان پرسیارێکی لە بارەوە بکردابا. هەتا چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی کۆتایی بەم تێکستە بهێنم کاتێک لەوپەڕی سەرگەرمی پێداچوونەوەدا بووم و گەیشتمەوە سەر هەمان نهێنی، دەنگێک لێوان لێو لە لوورە لووری نێو تۆفانی تابلۆکەوە لە شەقامە درێژکراوە بێکوتاکەی کە بۆ دووکانەکە ملم نا. کە گەیشتمە بەر دووکانەکە، دەڕابەکەی دادرابووەوە و لافیتەیەکی ڕەشی پێوە بوو، بۆم دەرکەوت کە خەیاتە عەبووسەکە مردووە، ئیتر بەجارێک ئومێدبڕاو بووم.

لەبەر خۆشەویستی ئەو تابلۆیەی کە لە دووکانی بەرگدرووەکە بوو، جارێکی تر گەڕامەوە لای کابرای ناشادی وێنەکێش و بەهەر چەشنێک بوو ڕازیم کرد، ئەگەر وەک کۆپییەکی ئەو تابلۆیەش بێت بۆم دروست بکاتەوە، تا چاپێکی ڕەنگیی بۆ ئەم چیرۆکەی لێ هەڵبگرمەوە. من لەلای خۆمەوە ناوی ئەو تابلۆیەم نا (ڕێگەیەک لە تۆفان بە نێو شیندا).